# هەرکەسێک دەستنوێژ بگرێت بەم شێوەیەی کە من دەستنوێژم گرت، پاشان دوو ڕکات نوێژ بکات بەبێ ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بدوێت، ئەوا خوای گەورە گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت

له حومڕان (بەندەی ئازادکراو لەلایەن عوثمانەوە) دەڵێت: عوثمانم بینی داوای ئاوی کرد بۆ ئەوەی دەستنوێژ بگرێت، لە دۆلکەکەوە ئاوی کردە سەر دەستی وسێ جار شۆردی، پاشان دەستی ڕاستی کردە نێو ئاوەکەوە وئاوی ڕادایە ناو دەمیەوە و دەری کرد (تمضمض) وپاشان ئاوی هەڵمژیە نێو لووتی (استنشق) و دەری کرد -فنی کرد- (استنثر)، پاشان سێ جار دەموچاوی شۆرد، وهەردوو دەستی شۆرد هەتاوەکو ئانیشکی (ئانیشیکشی شۆرد) ؛ سێ جار، پاشان دەستی تەڕکرد وسەری مەسح کرد (هەردوو گوێشی مەسحکرد بەو ئاوەی کە مەسحی سەری پێکرد هەروەکو لە فەرموودەدی تردا هاتووە)، پاشان هەر پێیەکی سێ جار شۆرد، پاشان ووتی: پێغەمبەرم بینی -صلی الله علیه وسلم- بەم شێوەیەی من ئەنجامم دا دەستنوێژی دەگرت وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «هەرکەسێک دەستنوێژ بگرێت بەم شێوەیەی کە من دەستنوێژم گرت، پاشان دوو ڕکات نوێژ بکات بەبێ ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بدوێت، ئەوا خوای گەورە گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

عوسمان -ڕەزای خوای لێبێت- چۆنیەتی دەستنوێژگرتنی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم-ی فێرکرد بەشێوەیەکی کرداری ؛ بۆئەوەی ڕوونتر بێت بۆ تێگەیشتن، بانگی کرد کە دۆلکەیەک ئاوی بۆ بهێندرێت ؛ سێ جار ئاوی کردە سەر دەستی، پاشان دەستی ڕاستی کردە نێو دۆلکەکە وئاوی بەچنگی دەستی هێنا وخستیە نێو دەمی -ئەملاوئەولای پێکرد (غەرغەرەی بەئاوەکە کرد)- ودەری کرد، دواتر بەهەناسە ئاوی هەڵمژیە نێو لووتی وپەرشی کرد، پاشان سێ جار ڕووی شۆرد، ئینجا دەستەکانی شۆرد هەتاوەکو ئانیشکی (ئانیشکیشی شۆرد)، پاشان بە دەستە تەڕەکانی سەری مەسحکرد ؛ یەك جار، پاشان پێیەکانی شۆرد هەتاوەکو گوێزنگەکان (گوێزنگەکانیشی شۆرد). کاتێك دەستنوێژگرتنی تەواو کرد ؛ پێیانی ووت کە ئەو پێغەمبەری بینیووە -صلی الله علیه وسلم- بەم شێوەیە دەستنوێژی گرتووە، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- موژدەی پێیاندا کە هەرکەسێك وەکو ئەو دەستنوێژ بگرێت، پاشان دوو ڕکات نوێژ بکات ؛ بە خشوع وئامادەبوونی دڵ لەپێش پەروەردگار، ئەوا خوای گەورە پاداشتی دەداتەوە لەسەر ئەم دەستنوێژە ڕێك ونوێژە دڵسۆزە بە لێخۆشبوون لە هەموو گوناهەکانی پێشووی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3313

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee